# حوكمی مەلەوانیكردن بۆ كەسی ڕۆژووەوان

[ kurdish – كوردی – كردي ]

## شێخ موحەمەد ساڵح العثیمین

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حكم السباحة في نهار رمضان

« باللغة الكردية »

## الشيخ محمد بن صالح العثيمين

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حوكمی مەلەوانیكردن بۆ كەسی ڕۆژووەوان

**پرسیار:** ئایا حوكمی مەلەوانیكردن لە ناو دەریا یاخود لە ناو گۆمدا لە ڕۆژی ڕەمەزان چییە ؟

**وەڵام:** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە.

دەڵێین: هیچی تێدا نییە بۆ رۆژووەوان كە مەلەوانی بكات لە ناو دەریا یاخود لە ناو گۆمدا جا یەكسانە ئەو گۆمە قووڵ بێت یان نا، ئەوە هەرچۆنێك دەیەوێ مەلەوانی دەكات و خۆی نقوم دەكات لەناو ئاوەكەدا، بەڵام دەبێ سوربێ لەسەر ئەوەی ئاو نەچێتە ناو لاشەی ، ئەوەندەی كە دەتوانێت، وە ئەم مەلەوانیكردنەش كەسی ڕۆژوەوان چالاكدەكات و یارمەتی دەدات لەسەر ڕۆژوەكەی، وە هەرشتێك لەسەر گوێڕایەڵی خوا

چالاككەر بێت، ئەوە ڕێگری لێناكرێت، چونكە پەرستن سووك و ئاسان دەكات لەسەر كەسی خواپەرست، خوای گەورەش لەكاتی باسكردنی ئایەتەكانی ڕۆژوو دەفەرمو ێت : ﴿ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾ [البقرة:185] .

واتە: خوا ئاسانی ئەوێ بۆ ئێوە و گرانی و قورسی ناوێت بۆتان، قەزای ڕەمەزانتان لەسەر دانرا تا مانگەكە بە تەواوی بگرن و بەگەورە ناوی خوا بەرن لەسەر ئەو ڕێنموویییەی كە كردوونی، تاوەكو لە كەسانی شوكرانە بژێربن .

پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم ) دەفەرمووێت: «إن الدين يُسر ولن يشاد الدين أحد إلا غلبه» [رواه البخاري ] واتا : بەڕاستی ئایین ئاسانە و، هەركەسێكیش دین لەسەر خۆی قورس بكات ئیللا دین زاڵ دەبێت بەسەری .

کەواتە هیچی تێدا نییە مەلەوانی بکات لە ناو گۆم هەروەکو هیچی تێدا نییە کە خۆی بشوات لەبەر ڕەشاش و جگە لەویش. خواش زاناترە .

سەرچاوە :

مجموع فتاوى ابن عثيمين (19/284، 285)